# ئەمنەکان پێیان گوتین : هەتا مردن ئەمە جێتانە

**ئەو (ئەمن)انەی لەسلێمانیەوە لەگەڵمان هاتن ، گاڵتەیان پێدەکردین و بەتوانجەوە پێیان وتین ، هەتا مردن ئەمە جێتانە تازە دەرچوونتان مەحاڵە و بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەجێیان هێشتین**

ئامادەکردنەوەی

سالم حەمەخان

**سەرەرای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەوکارەساتە یەکلەدوایەکانەی کە بەدرێژایی مێژووی هەڵەبجە بەسەریدا هاتووە ، ئەم شارە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیش بێبەش نەبووە و لەو نێوەندەشدا چەندین بنەماڵە و کەسی هەڵەبجە ئەنفال کراون ، لە پشکنین و گەرانم بەدوای شایەتحاڵەکانی ئەنفالی هەڵەبجە و دواندنی رزگاربوانی کارەساتەکە ، دۆکیۆمێنتێکی دەستخەتی رۆژنامەنووس (ئیحسان حەمەصدیق عارف*) ی دەست کەوت کە ناوبراو لە تۆمارکردنی بەروارەکانی دەستگیرکردن و ئەنفالکردنی بنەماڵەکەیاندا وردەکاری تەواوی بەکارهێناوە، لەبەرگرنگی ناوەرۆکی دەستخەتەکە لەیادی ئەنفالدا ، وەك خۆی بڵاوی دەکەینەوە ..**









**لە سەرەتادا و لە گێرانەوەی چۆنیەتی گەرانەوەو گرتنیاندا نوسیویەتی : دوای هاتنەوەمان لە ئێران لە بەرواری 1988/8/22 رۆژی دووشەممە گەشتینەوە سنووری عێراق و لەوێ رەوانەی "تەواری" [1]یان کردین ..چوار رۆژ لە تەواری سلێمانی ماینەوە، پیاوانی ئاسایش (تەواری) زۆر نامرۆڤانە لەگەڵمان دەجولانەوە، لەماوەی ئەو چوار رۆژەدا (ئیفادە)یان لێوەرگرتین هەتا بەرەبەیانی رۆژی 8/25 کە 5شەممە بوو ..**

**لە گۆرەپانی تەواریدا سەیری دەرەوەمان دەکرد ژمارەیەکی زۆر پاسی مەسلەحە و پاسی تایبەتی ئەمن هاتنە گۆرەپانەکەوە، کەژمارەیان (35)زیاتر دەبوو، ئێمەش**

---

[1] مەبەست لە تەواریەکی سلیمانی یە کە هێزیکی فریا گوزاری بوو، بارەگاکەی کەوتووەتە رۆژئاوای شاری سلێمانیەوەو سەربە دائیرەی ئەمنی سلێمانی بوو، " قوات الطواری" ترسناك ترین هیزی ئەمن بوون لەساڵانی هەشتاکانداو قیزە ونترین دائیرەش بوو کە هەرچی زیاتر پیاوکوژو دزوجەردەی کوردیان تێدا کۆکردبوەو رۆژانە خەریکی تاوان و خەرا پەکاری بوون- ئەنفالستان )

بەسەرسامیەوە واق ورمابووین ، لەم کاتەدا ئەفسەرێکی ئاسایش کە پیاوێکی جەلاد بوو بەناوی (ملازم صامد) بوو هەرچی خێزان و کەسوکاری " استخبارات ، امن ، مخابرات "بوو لەناوماندا دەری کردن و جیای کردنەوە، لەو کاتەدا مدیری ئەمنی سلێمانی کە ناوی " حاجی خەڵەف" بوو پیاوێکی سوورفشی ناشیرین بوو، بەسەروسەکوتیدا دیاربوو لەجەلادە، وتی: ئەم کەسانە بەرنە شوێنی تایبەتی خۆیان، لەپاش جیابوونەوەی ماڵە تایبەتەکان ئێمەیان راپێچ کرد، کوڕی گەنج بەجیا پیاوی پیر بەجیا، ژن ومناڵیش بەجیا، دایکم دوو جانتای پێبوو لەگەڵ خوشکەکەم پێکەوە بوون، کەئەم دیمەنەمان بینی زۆربەی ژنان و مناڵان دەستیان کردە گریان، ناهەقیان نەبوو چونکە گەشتینە ئەوقەناعەتەی کەبۆیە وامان لێدەکەن تائێمە گوللە باران بکەن.

هەرچۆنێك بوو کاتژمێر (10.15) ی پێش نیوەڕۆ بەزۆر سواریان کردین، ژنەکان بۆ ناو پاسی مەسڵەحە[2] وکوڕە گەنجەکانیش بۆناوچەند پاسێك کە لەناویاندا چاوت بەدنیا نەدەکەوت، ئەم جۆرە پاسانە بۆ زیندانی سیاسی دانرابوون، من و براکەم و چەند کەسێکیتری هاوتەمەنی خۆمان خراینە پاسێك دەرەوەمان نەئەبینی ، کاروانی پاسەکان کەوتەرێ، بێ ئەوەی ئێمەش و خەڵکی شاریش بزانین بەرەو کوێمان دەبەن ..

کاتژمێر (10.30) لەسلێمانی دەرچوین، کەگەشتینە (تکریت) کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ بوو، لەوێ وەستێنراین و گازیان کردە پاسەکان، یەکێك لەپیاوانی ئاسایش کەلێپرسراوی کاروانەکە بوو، مولازم ئەوەلێك بوو ناوی رەشید بوو ددان شاشێکی ڕەزا گران بوو، دابەزی کەبابێکی زۆری کڕی بۆهاوکارەکانی خۆی وبە بەرچای ئێمەوە خواردیان، بێئەوەی هەستیان بجوڵێت بەرامبەر ئەوبارە ناهەموارەی ئێمەی تیابووین، جارێکیتر کەوتینەرێو دوای مەغریب گەشتینە بەغدا، سەعات 8.30 لەوێ لە یەکێ لەپاسەکاندا هەرچی تێدابوو بورایەوە ناچار دایان بەزاندن و ئۆتۆمبێلێکی ئاگر کوژێنەوەیان هێنا و ئاوی پڕان پیایاندا و وریای کردنەوە ئەم دیمەنە لەگەڵ قیژ و قاو و دەنگە دەنگوگریانی ژنو منداڵدا گوێی کاس دەکرد ..

دیسان کاروانی ماتەمینی جارێکیتر کەوتە رێ بەرەو "حلە" لەوێش تێپەڕین سەعات 12.30 ی شەو گەشتینە پارێزگای دیوانیە، پاسەکەی ئێمە لەبنەرەتدا هەر10 –12 کەسێکی دەگرت، بەڵام زیاد لە 20 کەسی زیندانی تێدا بوو، وەزعمان زۆرخراپبوو

---

[2] بەو پاسانە دەوترا کە ملکی حکومەت بوونو پێش ئەنفال لەناوشارەکانی عێراق بە کرێی خەلکیان دەگواستەوە، ئەم پاسانە درێژو دوجۆر بوون جۆرێکیان میرسیدس بوون، جۆرێکیان ریم بوون، ئەوانەی ئەنفالەکانیان پێگوازراوەتەوە زۆربەیان جۆرە میرسیدسەکەن کە سوپای عێراق زۆری لەم پاصانە هەبوو بە رەنگی خاکی رەنگ کرابوون.

زۆرمان گەرمابوو هەمووجلو بەرگی خۆیان داکەند تەنگە نەفەس بووین خەریك بوو گیانمان دەردەچوو، جەللادە بەعسیەکان چەند جارئەم دیمەنەیان لەپێشچاو دووبارە دەبوویەوە، بێ ئەوەی دڵیان داخورپێ، جارێکیتر بەزۆر سەریان خستینەوە بەرەو سەماوە، کاتژمێر 3ی شەو گەشتینە جێ لێرەدا ئەمنەکان خۆشیان ڕێیان لێ ون بوو ئەیان ویست بەرەو " نقرە سەلمان" مان بەرن، بەڵام تاچاوبڕی بکردایە بیابانێکی وشك و بێئاو بوو سەیرت دەکرد ئاسۆ دیار نەبوو ..
بێجگە لەلمێکی زبروشێدارو دڕکودالْ هیچی ترت نەئەبینی، جا لەبەر ئەوە چەند کەسێکی خەڵکی سەماوەیان لەگەڵ ناردین بۆ ڕێ نیشاندان، ئێمەش بێگومان نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن وەکو کۆمەڵێك ئاژەڵ دواینیانە بەر و بەزۆری هەڕەشەو ئازاردان بەڕێیان خستین، جالێرەدا هەوڵم دا لەکونێکی بچوکی پاسەکەوە سەیری دەرەوە بکەم، قەتعەیەکم بینی لێی نوسرابوو " قضأ سلمان 72کم " بەرەو سعودیەش 120کم کەچاوم کەوت بەمە زۆر ترسام، هەزار خەیاڵی خراپ یاری بە مێشکم دەکرد، ژمارەی لێدانی دڵم تا دەهات پتر دەبوو هەستم دەکرد بەرەومەرگمان دەبەن ..
کات بەرە بەیانبووو خەریکە سەر لەئاسۆوە دەکێشێت، کاتژمێر 6ی بەرواری 1988/8/26 گەشتینە قەزای سەلمان، نازانم چۆن بوو سەرم نزم کردەوە بۆ سوچێکی کورسی پاسەکە ئەم چەند وشەیەی بەکوردی لەسەر نوسرابوو " ئێمە خەڵکی ناوچەی بەرزانین و ژمارەمان 5 هەزار کەسە ئەوا بەرەو باشورمان دەبەن تا بمانکوژن، هەمووومان خێزان ومالْ و منالْی کوردین " کە ئەم نوسراوەم دی ئیتر گومانم نەما کەئێمەش دەکوژن، کەمن تێکچووم خەڵکی ناو پاسەکە پرسیاریان کرد ئەوە چیە ؟ حالْو مەسەلەکەم تێگەیاندن، ئیتر بوو بەمشتومڕوگاڵەگالْ، لەم کاتەدا سەیارەکە لەجادەی قیرلایدا بەرەوخۆڵەکە، لەهەمان کونەوە سەیرێکیتری دەرەوەم کرد، لە دوورەوە بینایەکم دی ، وام زانی تەویلەی ئاژەڵە، کەچی کەنزیك بووینەوە لەناو تەپوتۆزدا ،ئەم قهتعەیەم خوێندەوە " نگرو السلمان "و لەولایشەوە نوسرابوو، "ادخلوا الويل"، لەم کاتەدا پاسەکان وەستان سەیری کاتژمێرم کرد7.35 ی سەر لەبەیانی بوو ، واتە 18 سەعات لەنێو سەیارەدا بووین ، کاتێ دایان بەزاندین دیمەنی بیناکە، یان بڵێین نەئیلەکە. پیاوی ئەتۆقاند ، هەردەتوت قەسابخانەیە بۆ ئەوەی زیاتر ترس بخەنە دڵمانەوەکەوتنە دارکاریمان هەموو پێکەوە ژنومنالْ و پیاو !!
لەم کاتەدا ئاگام لێبوو ئەمنێك دوو داری لە دایکمدا و یەکسەرکەوت، بەزۆر هەموومانیان فرێدایە زیندانێکی گەورە کە (3–4) هەزار کەسی تێدا بوو هەموو ژن و منالْ و پیاوی پیر و ڕەشورووت و برسی، شێوەیان لەوە ئەچوو کە تازە لە گۆڕ هاتبنە

دەرەوە، ئەوەی سەرنجی راکێشام لە ناویاندا هیچ گەنجم نە دەبینی زانیم کە هەموویان گوللە باران کردوون ، لێرەدا ئەو ئەمنانەی هاتبون لەگەڵمان لەسلێمانیەوە گاڵتەیان پێدەکردین و بە توانجەوە پێیان دەووتین ، هەتا مردن ئەمە جێتانە، تازە دەرچوونتان مەحاڵە و بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەجێیان هێشتین ..
بیناکە لە دوو قات پێك هاتبوو ، زیاتر لە 40 قاعەی گەورە گەورەی تێدا بوو خەڵکی ناو زیندانەکە بە سەرسامیەوە سەیریان دەکردین هەموو لەچڵك و پیسی رەش بووبوونەوە، ئێسقانی دەم و چاویان دەرپەڕیبوو زەق بووبوویەوە لەش لاواز و قژگژ و بژکاتیێ سەیرت دەکردن وات ئەزانی چەندەها ساڵ بۆ دواوە گەراویتەوەو لەچەرخی مرۆڤی نیاندەرتاڵدا دەژیت، ئێمەشیان بەرەو یەکێ لەقاعەکان دایە بەر لەرێدا پیاوێکی ریش سپی زۆر پیر لەبەرئەوەی کەزۆر لە سەیارەکە مابووینەوە ویستی دەست بەئاو بگەیەنێت لەولاوە بەرێوەبەری بەندیخانەکە کەناوی " ملازم حەجاج "بوو چاوی لێبوو هات بۆیو ئەوەندەی لێدا " بە کێبڵ" هەتاکو تەختی زەویەکە بوو ، پاش سەعاتێك هۆشی هاتەوە بەرخۆی..
رۆژی یەکەممان بردەسەر، هەر نەفەرێکمان 4 سەموونیان پێدا بۆ شەوو رۆژێك، هەر لەناو بەندیخانەکەدا بەلۆعەیەکی تیابوو ئاوێکی سوێری لێوە ئەهات هەر لەگەڵ خواردنەوەی تووشی سکچوون دەبویت ..لەلایەکی ترەوە پۆلیسەکانی بەندیخانەکە شتیان ئەفرۆشت بەخەڵك ، بە 10 قات لەنرخەکەی خۆی زیاتر، بێگومان هەرکەس پارەی پێنەبوایە پاش یەك هەفتە مردن چارەنووسی بوو، ئەو شتانەی کە دەیانهێنا " برنج و شەکر و چا " بوو جارە جارە شەربەتیش کیلۆیەك شەکر لەبازاردا بە (200) فلس بوو ئەوان لەسجن ئەیاندا بە(1.500) دینار، رۆژی یەکجار تەنکەرێك ئاویان بۆدەهێنایەن، یەك تەنکەر ئاو بۆ (5000) کەس، چ ئاوێك ئاوێکی سوێر بەشێوەیەك هەرگیز توانات نەبوو دوو قوم لەسەر یەك بخۆیتەوە، بەڵام ناچاری و تینویەتی زۆری بۆخەڵکەکە ئەهێنا بەریزوهەندێ جار بە هوروژم بچنە بەردەم تەنکەرەکە و ئاو وەدەست بخەن ، ئەم دیمەنە لەجیاتی ئەوەی پاڵ بەجەلادە بەعسیەکانەوە بنێ بۆ ئەوەی چارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوبارە ناهەمواره، کەچی وەك ئاژەڵی دڕندە ئەکەوتنە گیانی ئەو خەڵکە هەژارەبەدار و بەکێبڵ گیانی ئەو عالەمەیان شین و مۆر دەکردەوە ..ئەم کارە نامرۆڤانەیە بە دەست ئەمنێك بوو بەناوی "شەمخی" ئەم کابرایە هەر وەك لەزەت لەوەدا ببینێت ، کەدارکاری خەڵك بکات، پیشەی ئازاردانی خەڵکی ناوسجنەکە بوو ..
هەتا رۆژێکیان خۆشم کەوتمە بەر بڵێسەی ئاگری لێدانی شەمخی، بەستمیەوە بە عەمودێکی سجنەکەوەو بە کێبڵ کەوتە لێدانم بەبەرچاوی دایکم و باوکم و هەموو

خەڵکەکەوە تاپێنج سەعات هەروا مامەوە پشتم لەبەر خۆرەتاوی گەرم خەریك بوو ئاگری تێبەرئەبوو، پاش ئەوە لێم بێزار بوو بەهەزار واستە ئەوجا بەریدام ، ئەمە کاری شەمخی جەللاد بوو، هەموو رۆژێك دەیەهای دەبەستەوە و فەلاقەی دەکردن، دوایی بەپارە بەرەڵای دەکردن ، ژیانی ناو بەندیخانەکە نەك شایانی مرۆڤ ، بەڵکو پێداویستی ژیانی ئاژەڵیشی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە هەموو رۆژێك بە تێکڕایی (4–10) کەسمان لێ دەمرد ، تا دەهات ژمارەی مردووان زیادی دەکرد ئەوەش دەمرد بەقاچ هەڵیان ئەگرت و فڕێیان ئەدایە دەرەوەی سجنەکە و لە بیابانەدا ئەبووە خۆراکی سەگەکان ..

ژیانمان بەم شێوە ناسۆرە بەردەوام بوو، ئەگەر چەند رۆژێکیتری بەدەمەوە بوایە ئەوا سەرپاکی ناو سجنەکە دەمردن ، بەڵام ئەوە بوو 6ی ئەیلول کە رۆژی دووشەممە، بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرچوو لە " ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش " ەوە کەئێمەیشی ئەگرتەوە، بەڵام ئێمە چۆن بەر بدەن لەکاتێکدا توشی جۆرەها نەخۆشی کوشندە بووین..

بۆیە هەر ئەو رۆژە ژمارەیەك پزیشك و برینپێچ و یارمەتیدەریان بۆهێنایین، کاتێ یەکەمجار هاتنە ژوورەوە هەموو قوڵپی گریان بینی گرتن ودڵۆپی فرمێسك لەسەر روومەتیان بریسکەی دەدا، بەڵام نەیاندەوێرا گریانەکەیان دەرخەن چونکە لەوسجنەی ئێمەدا گریانیش قەدەغە بوو ..

پاش چارەسەر کردنمان حاڵمان تۆزێ باش بوو، وردە وردە خواردن وخواردنەوەمان باشتر بوو، چارەسەر کردن بەردەوام بوو تا 20ی ئەیلول، رۆژی سێشەممە نەخۆشەکان کەم بوونەوە و ناوی ساغەکانیشیان نووسی کەماڵی ئێمەشی بەرکەوت، نزیکەی 150 کەس دەبووین بۆ سبەینێ واتە 1988/9/21 رۆژی چوارشەممە پاس هات بەدواماندا ..

لە بەندیخانە دەریان کردین و بەرەو خەسەخانەی تەواریان بردین لە "سەماوە " پێیان وتین ئێوە هێشتا بە تەواوی چارەسەرنەکراون لەبەرئەوە ئەبێت تا 10 رۆژیتر لێرەبن ، لەماوەی ئەو 10 رۆژەدا هەموو جارێ فەحصیان بۆ دەکردین تا بزانن نەخۆشیەکەمان ماوە یان نا، هەتا رۆژی 1988/9/29 لەخەستەخانە بووین ، ئەو رۆژە لەسلێمانیەوە پاس هات بەشوێنماندا وسوار بووین ..کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆ گەشتینە بەغدا و بۆ 9ی شەو گەشتینە کەرکوك لەبەر ئەوەی شەو درەنگ بوو شەو لەئەمنی کەرکوك هێشتینیانەوە، بۆ بەیانی سەعات 7 کەوتینە رێ بەرەو سلێمانی

سەعات 10ی سەر لەبەیانی گەیشتین لێرەدا جارێکیتر ناویان نوسین و ناردینیان بۆ دەشتی " باینجان" شوێنی ئەوخەڵکە ستەم لێکراوەی کەماڵەکانیان دوای ئەوەی

**تاڵانکرابوون بە شۆفڵ رووخابوون و دەربەدەر بووبوون ، بردینیانە ئەوێ و ئیتر ئازاد بووین..**

---

- **ناوبراو لەکارەساتێکی دڵتەزێندا لەساڵی 1994 شەهید بوو، دەستخەتی ئەم سەرگوزەشتەیەش لە ( عیرفان حەمەصدیق) ی برایەوە بەرێزەوە وەرگیراوە ..**

